# تۆوێکی بچووک، چیرۆکی وانگاری ماتای

Nicola Rijsdijk

Maya Marshak

Agri Afshin

3

کوردی ckb

لە گوندێك لە دامێنی چیای کینیا لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، کچێکی بچووك لەگەڵ دایکی لەسەر کێڵگەکانیان کاریان دەکرد. ئەو ناوی وانگاری بوو.

وانگاری پێی خۆش بوو لە دەرەوە بێ. خێزانەکەیان بێستانێکیان لە بەر ماڵێ هەبوو. ئەو بە چەقۆیەکی گەورە زەوییەکەی دەکێڵا و تۆوی بچووکی دەخستە ناو زەوییە گەرمەکەوە.

بەلای ئەوەوە خۆشترین کاتی رۆژ، دوای خۆرئاوابوون بوو. کاتێک هەوا تاریک دەبوو کە ئیتر نەدەکرا گژوگیا ببینێ، دەیزانی کە ئیتر کاتی ئەوەیە بگەڕێتەوە ماڵەوە. ئەو بە باریکەڕێی ناو کیڵگەکاندا دەڕۆی و لە رووبارەکان دەپەڕییەوە، بەرەو رێگای خۆی.

وانگری کچێکی زیرەك بوو و دەیهەویست بچێت بۆ قوتابخانە. بەڵام دایك وباوکی پێیان خۆش بوو لە ماڵ بمێنێتەوە وخزمەتیان بدات. کاتێك تەمەنی بوو بە حەوت ساڵ، برا گەورەکەی، دایك وباوکی رازی کرد کە رێگەی وانگری بدەن بۆ قوتابخانە بڕوات.

ئەو حەزی لە شت فێربوون بوو! وانگری لەگەڵ هەر کتێبێك کە دەیخوێندەوە زیاتر و زیاتر شت فێردەبوو. ئەو لە بەر زیرەکیەکەی لە قوتابخانە ڕێنگهێشتنی کردە ئەمریکا بۆ خوێندن. وانگری زۆر خۆشحاڵ بوو! ئەو دەیهەویست شتی زیاتر لەبارەی جیهانەوە فێر بێت.

وانگاری لە زانکۆی ئەمریکا زۆر شتی نوێ فێر بوو. ئەو لەبارەی ڕووەکەکانەوە دەیخوێند و بزانیت چۆن گەورە دەبن. هەروەها بیری لە بوو کە خۆی چۆن گەورە بووە: چۆن لە گەڵ براکانی لەناو دارستانە جوانەکانی کینیادا یاری دەکرد.

ئەو دەیزانی هەرچەند زۆرتر شت فێر بێ، هەستی خۆشەویستی بۆ خەڵکی کینیا زۆرتر دەبێت. ئەو دەیهەویست ئەوان خۆشحاڵ و ئازاد بن. لەگەڵ زۆرتر فێر بوونی، زۆرتر بیری وڵاتەکەی خۆی لە ئەفریقیا دەکردەوە.

کاتێك ئەو لە خوێندن تەواو بوو، گەڕایەوە بۆ کینیا. بەڵام وڵاتەکەی گۆرانکاری بە سەردا هاتبوو. زەوی و زارە گەورەکان سەرتاسەری وڵاتیان داگرتبوو. ژنەکان داریان نەبوو کە ئاگر بکەنەوە و خواردن دروست بکەن. خەڵك هەژار بوون و منداڵەکانیش برسی بوون.

وانگاری دەیزانی کە دەبێ چی بکات. ئەو ژنەکانی فێر کرد کە چۆن لە تۆوە چکۆلەکان دار بڕوێنن. ژنەکان دارەکانیان فرۆشت و پارەکانیان بەباشی بۆ خێزانەکانیان بەکار هێنا. ئەوان زۆر خۆشحاڵ بوون. وانگاری وای لێکردن کە هەست بە بەهێزی و دەسەڵاتداری بکەن.

کات تێپەڕی و دارە نوێیەکان گەورە بوون و د دارستانیان لێ دروست بوو، ڕووبەرەکانیش دووبارە بووژانەوە. چیرۆکی وانگری بە هەموو ئەفریقیادا بڵاو بۆوە. ئەمڕۆ بە ملیۆن دار گەورە بوون بە هۆی تۆوی وانگرای.

وانگاری بە سەختی کاری کردبوو. خەڵکی هەموو دونیا کارەکانیان بەرز نرخاند و بە ناوبانگترین خەڵاتیان پێدا. پێی دەڵێن خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ. وانگاری یەکەمین ژنی ئەفریقایی بوو کە ئەو خەڵاتەی وەرگرت.

وانگری لە ساڵی 2011 کۆچی دوایی کرد، بەڵام ئێمە دەتوانین هەرکات چوەن بە دارێکی جوان کەوت، ئەوەن بەبیر بێتەوە.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## تۆوێکی بچووک، چیرۆکی وانگاری ماتای

Nicola Rijsdijk
Maya Marshak
Agri Afshin

CC BY